FHI

Utdannings-
direktoratet

**زانیاری بۆ دایك و باوکانی باخچەی ساوایان**

هەتا پێش داخستنی باخچەی ساوایان، هیچ جۆرە بڵاوبوونەوەیەکی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێو منداڵانی باخچەی ساوایانی نەرویژ تۆمار نەکرابوو. ژمارەی تووشبوان لە نێو منداڵان لە نەرویژ و لە وڵاتانی تری دونیا بە بەراورد لە گەڵ گەوران زۆر کەمە. منداڵ و گەنج تا ئێستا پێشانیان داوە کە مەترسێکی زۆر کەمیان هەیە بۆ تووش بوون بە نەخۆشی مەترسیدار بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا. ڕادەی تووش بوونی منداڵان بە ئەوە بە بەراورد لە گەڵ نەخۆشێکانی تری کۆئەندامی هەناسە، وەکوو نموونە ئەنفلۆنزا و ڤایرۆسی-RS زۆر کەمترە.

**ناردنی منداڵان بۆ باخچەی ساوایان بێ خەتەرە**

بۆ سنووردار کردنی تووش بوون، کۆمەڵێك هەنگاومان لە باخچەی ساوایان ناوە. ئێمە لە ڕۆژانی داهاتوودا زۆر بە وردی ئاگامان لێ دەبێ کە پێشی بڵاو بوونەوە و تووشبوون بگرین. ئەوەش بەستراوەتەوە بە هەوڵ و پەیڕەوکردنی هەموومان بەو ڕاوێژە تازانەی کە دەردەکرێن. ئێمە سرنجی تایبەتیمان لە باخچەی ساوایان لە سەر ئەوانە دەبێت:

- دەست شوشتن و بەدواداچوونی منداڵان بە جۆرێك کە ڕێوشوێنی جوان دەست شوشتن فێر بن
- ڕاگرفتنی پاك و خاوێنی جوانی باخچەی ساوایان
- شوشتنی بە بەردەوامی ئامرازی یاری منداڵان
- لە مەوبەر لە گەڵ منداڵەکان زیادتر لە دەرەوە دەبین
- گرووپی چکۆڵەتری منداڵانمان دەبێ کە لە گەڵ فەرمانبەرانی نەگۆڕ دەبن

**باخچەی منداڵان وەکوو پێشوو چاودێر و دڵسۆزی منداڵان دەبێت**

ئێمە وەکوو پێشوو ویستو خواستی منداڵان بۆ پێڕاگەیشتنی لەش لە بەر چاو دەگرین، وە هەل و مەرجێك دەرەخسێنین کە هەمووی منداڵەکان لە باخچەی ساوایان هەست بە پارێزراوی، هاوبەشی و دلخۆشی بکەن. لە ئامێزگرتن و دڵدانەوە وەك هەمیشە بۆ منداڵان گرنگە.

**ئەگەر منداڵەکەتان هەست بە نەخۆشی بکات**

ئەگەر منداڵەکەتان نیشانەی نەخۆشی هەبێ، هەرچەند نیشانەی خەفیف، ئێوە نابێ بۆ باخچەی ساوایان بێن. ئێستا زۆر گرنگە کە منداڵەکە بە لانی کەم شەو و ڕۆژێك پاش تەواو بوونی نیشانەی نەخۆشی لە ماڵێ بمێنێتەوە. ئەو دایکو باوکانەی کە نیشانەی کۆئەندامی هەناسەیان هەیە، نابێ منداڵ بۆ باخچەی ساوایان بهێنن یا خود ببن. ئەگەر دایك و باوك یا خود ئەندامێکی تری ماڵێ نیشانەی نەخۆشی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لێ دیار بێ، نابێ ئێوە بۆ باخچەی ساوایان بێن.

ئەگە منداڵ لە باخچەی ساوایان تووشی نەخۆشی بێ، دەبێ ئێوە منداڵەکە بە زووترین کات بهێننەوە.

**دایك و باوکان نابێ بۆ ناوەوەی باخچەی ساوایان بێن**

ئێمە تێدەکۆشین تا ئەو جێگایەی بشێ لە دەرەوە پێشوازی لە منداڵان بکەین. باشتر وایە منداڵ کاتی هاتن بۆ باخچەی ساوایان جلو بەرگی دەرەوەی دەبەر دابێت.

**ئامرازی یاری لە ماڵەوە مەهێنن**

منداڵ نابێ ئامرازی یاری خۆی لە ماڵێرا بێنێت. ئەگەر منداڵەکەتان ورچی یاری کردنی تایبەتی خەوتنی خۆی هەیە، دەتوانن ئەوی لە گەڵ خۆتان بێنن. بەڵام ئەوسا زۆر گرنگە کە ئەوە بە بەر دەستی منداڵەکانی تر نەکەوێت.

دەست شوشتن لە ماڵێ هەر بە قەت دەست شوشتن لە باخچەی ساوایان گرنگە. دەستان پێش هاتنتان بۆ باخچەی ساوایان و پاش گەڕانەوە بۆ ماڵێ بە بێ درەنگ بشۆن.

ئێمە داوا دەکەین کە منداڵەکان پاش کاتی باخچەی ساوایان، لە گەڵ منداڵی کەم کایە بکەن، و کایە کردن باشترە لە دەرەوەی ماڵێ بێت.